

دڵی ڕۆژهەڵات

**ئەو هەر لێرەیە، کەچی من بۆ مردنی دەگریم**

تۆ نەڕابردووت هەبوو
نەئاینده،
کەچی بەجارێك رابردوو و ئایندەمت سووتاند.
ئایندەمت کرد بەرابردوو و
پڕت کرد لەڕەنگی سوور
عیشق چییە، جگە لەدوو قسەی بێبنەما؟
ئیلهام چییە، جگە لەنادیاری من؟
خوێندن و ژوورەکان چین، جگە لەوێرانەیەك؟
من چیم جگە لەوەهمێك؟
تۆ چیت، جگە لەدرۆیەك؟
ئەو هەر لێرەیە، کەچی من فرمێسك، بۆ مەرگی ئەو دەڕێژم.
ڕادەکەم، بەرەوە مەرگ هەنگاو دەنێم،
ڕادەکەم ڕا
لەدوێنێ و لەسبەینێم، ڕادەکەم.
بەرەو تەختەڕەشەکەی هەڵگری خەمەکان ڕادەکەم،
تا وێنەکەی خۆم و ئاو بدۆزمەوە.
چەند بەتاسەوە و بەرەو وشە ئاوییەکان هەنگاو دەنێم،
چەن بەتامەزرۆییەوە چاوەڕوانی مەرگی تۆم،
چەند بەحوزنەوە سەیری خۆم دەکەم
ئای خودایە
دەبێ، من بۆ چاوەڕوانی مەرگی خۆم و ئەو تۆ بم؟
لەپڕ مناڵێکی هار، گڕ دراو بەسوتان
گڕدراو بەبۆمب،
فرمێسك بۆ سبەینێیەکی پڕ لەوەهم دەڕێژێم.
ئیلهامی عیشق، هیچ نییە جگە لەخاوبوونەوەی دوێنێ و
گڕگرتنی ئایندەم.
من بەتاسەوە بەشوێن ئاسەواری خۆمدا
وێڵم و

وەهمەکان لەتاریکیدا خۆیان نادیار دەگرن.
نەشیعر و نەعیشق
نەبوون بەدیرۆك،
بەڵکو هەموو بوون بەهەڵم و
منیش لەنێو دێڕی رۆمانەکاندا بووم بەنادیاری.
من و مەولانا
بەدیار وێنەی نادیاریدا وێڵبین و
ببینە گەریدەیەکی عاشق
بەدەوری وەهمەکان.

دڵـــی ڕۆژهـــەڵات